ڕەحمەتی خودا لە پیاوێک لێبوردە -ئاسان- وبەخشندە بێت کاتێک دەفرۆشێت وکاتێک دەکڕێت وکاتێک داوای قەرزەکەی دەکات

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ڕەحمەتی خودا لە پیاوێک لێبوردە -ئاسان- وبەخشندە بێت کاتێک دەفرۆشێت وکاتێک دەکڕێت وکاتێک داوای قەرزەکەی دەکات».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای ڕەحمەتی کردووە بۆ هەرکەسێک ئاسان وبەخشندە وسەخی بێت لەکاتی فرۆشتندا؛ بۆیە تۆند نابێت لەسەر کڕیار لە نرخدا وبە ڕەوشتی جوان مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئاسان وسەخی وبەخشندەیە ئەگەر بکڕێت؛ بۆیە شتومەکەکە بە بێ بەها سەیر ناکات ونرخەکەی کەم ناکاتەوە، ئاسان وبەخشندە وسەخیە ئەگەر داوای قەرزەکەی بکات؛ بۆیە تۆند نابێت لەسەر هەژار، بەڵکو بە نەرمونیانی داوای قەزرەکەی دەکات، وئەوەی نیەتی ماوەی زیاتری پێ دەدات یان قەرزەکەی لەسەر کەم دەکاتەوە وخێرترین ئەوەیە لێی خۆش بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3716